## نامەی ژمارەیەک لە چالاکانی سیاسی- فەرهەنگیی کورد بۆ بەڕێوەبەرانی
فراخوان ملِی برگزارِی رفراندم

لەم رۆژانەدا ڕاگەیەندراوێک بەسەردێڕی" بانگەوازی نەتەوەیی بۆ ڕێخستنی ڕیفراندۆم" لە لایەن ژمارەیەک لە ئیسلاح تەڵەبانی دەرەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بڵاوبووەتەوە ، کە وێڕای هێنانە گۆڕی ڕا و داخوازەکانی خۆیان ، خوازیاری پشتیوانی کردنی لەلایەن خەڵکەوە بوون .
ئەم ڕاگەیەندراوەدا گەرچی هێندێک خواستی بەکەڵک و جێ پشتیوانیی باسکراوە، بەڵام بە هێنانە گۆڕی وشەگەلی "پاراستنی یەکێتیی خاکی وڵات" و بە بێ ئەوەی ئیشارەیەک بە وەمەترسی خەرانی کرابێ ، خۆی لە گرفتێکی گرینگی ئێستا وداهاتووی ئێران بواردووە. واتا مەسەلەی نەتەوەیی و مافی نەتەوەکان. لەم پێوەندیەدا ژمارەیەک لە چالاکانی سیاسی - فەرهەنگیی کورد ڕاگەیەندراوێکیان دەرکردووە کە ئەمە دەقەکەیە:

### بۆ "کومیتەی هەنگاو بۆ گشت پرسی"

لە گەڵ ڕێزماندا.
ئێمە ژمارەیەک لە چالاکانی سیاسی – فەرهەنگیی کورد. وێڕای ئەوەی هەنگاوی دروست و بەجێگەتان بۆ "ڕێخستنی گشت پرسێک بە چاودێریی کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بۆ پیک هێنانی مەجلسی دامەرزێنەر بە مەبستی دارڕشتنی بەرنووسی یاسایەکی بنەڕەتیی نوێ ، لە لە سەر بنەمای ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و ڕێککەوتنە زیاد لێکراەکانی ، بە دەنگی ئازادی کۆمەڵانی خەڵک " بە ڕێزەوە دەنرخێنین؛ هەر لەوکاتەشدا ئاماژەی ڕاستەوخۆی ئێوە بە " پاراستنی یەکێتی خاک" و " نەتەوەی ئێران" بە نکۆڵی کردن لە فرە نەتەوەیی بوونی ئێران دەزانین . کە بەو پێیە نەتەنیا مافەکانی ئەم نەتەوانە لەبەرچاو نەگیراون ، بەڵکە بەچەشنێک حاشا لە بوونیان کراوە.
بێگومان ئێوەش لەگەل ئێمە هاودەنگن کە ئەم چەمکە( پاراستنی یەکێتیی خاک) لە سەردەمی پاشایەتییەوە هاتووەتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی ئێرانەوە و هەمیشە چەکێک بووە لەدەستی زاڵماندا بۆ سەرکوتی یەکسانیخوازی و زەوتکردنی مافە ئینسانییەکانی نەتەوەکانی غەیری فارس.
لەم وڵاتەدا بێجگە کە نەتەوەی فارس ، نەتەوەگەلێکی دیکەش لە سەر ئاو وخاکی خۆیان دەژین کە لە سایەی دەسەڵاتدارە سەرەڕۆکانەوە خاوەنی هیچ مافێک نین . و هەمیشە داخوازەکانیان مۆری " جیاوازی خوازی " و "لێکترازێنەری یەکێتیی نەتەوەیی" لێدراوە و بەتوندی سەرکوت کراوە. بەڵام بە شایەتیی مێژوو " نکۆڵی" و "سەرکوت" نەتەنیا گرفتەکەی چارەسەر نەکردووە ، بەڵکە کێشەکەی فووڵتر کردووەتەوە. کە کوردستان نموونەی دیاری ئەم ڕاستییەیە.
ئێوە و ئێمە باش دەزانین کە دەسەڵاتی ئیدئولوژیکی ئیسلامی ( دێر یا زوو) دەڕوات . بۆیە تەنیا ڕێگەی پێشگرتن لە هەرچەشنە شەڕێکی ناوخۆیی و پاکتاوی نەتەوەیی، نە لە نکۆڵی کردن، بەڵکە لە سەلماندنی مافی دیاریکردنی چارەنووس و بەرابەریی هەموو نەتەوەکانی دانیشتووی ئێراندایە. خاڵێکی گرینگ کە بەداخەوە ئێوە رەچاوتان نەکردووە.
ئێوە کە ڕێگەی تێکۆشانی مەدەنی وچالاکیی دوور لە گرژیتان هەڵبژاردووە و دەتانەوێ بە پشتئەستووریی دەنگی کۆمەڵانی خەڵک داخوازەکانتان بهێننە دی ، بێشک دەبێ لە سەر دەنگی زۆرتر لە 50% دانیشتووانی ئێران ، کە گەلانی ستەملێکراون ، حیساب بکەن . کە ئەمەش بەبێ لەبەرچاوگرتنی مافە ئینسانی و دێموکراتیکەکانیان ( مافی دیاریکردنی چارەنووس) دەستەبەر نابێ .
مانەوەی " یەکێتیی خاکی ئێران " بە بێ سەلماندنی مافی گشت نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسیاندا ، تەنیا لە ڕێگەی سەرەڕۆیی و سەرکوتەوە مەیسەر دەبێ . ڕێگەیەک کە بێگومان ئێوە دژی دەبن.
بە لەبەر چاوگرتن و ڕەچاوکردنی ئەو خاڵانە ، هیواداریین ئێمەش بتوانین خۆمان لە ڕیزی پشتیوانان و ئیمزاکەرانی ئەم هەنگاوە موسبەتەی ئێوەدا ببینین.

ئیمزا:
ئەنستیتوی فەرهەنگیی کورد ، سوئید
دوکتور گولموڕادی مورادی، نووسەر و توێژەر و ئەندامی "کانوونی نووسەرانی ئێران لە تاراوگە" ( ئاڵمان)
دوکتور حوسین خەلیقی چالاکی سیاسی ، نووسەر و توێژەر ( سوئید)
ئیبراهیمی کووشا خوێندکار (تاران)

| | |
|---|---|
| سیامەند زەندی | چالاکی سیاسی ، فەرهەنگی ( فەرانسە) |
| ئاکامی ئەحمدی | چالاکی سیاسی ، فەرهەنگی ( کانادا) |
| شەریفی بێهروز | چالاکی سیاسی ، فەرهەنگی ( کانادا) |
| دوکتور تریفەی کوردستانی | چالاکی کۆمەڵایەتی(سنە) |
| فەریبا سالەحزادە | خوێندکار ( کرماشان) |
| سەعیدی کاوە ( کوێستانی) | چالاکی سیاسی ، فەرهەنگی ( سوئێد) |
| کرمانج | چالاکی سیاسی ، فەرهەنگی ( فێنلاند) |
| ئیبراهیم فەرشی | چالاکی سیاسی ، دەرهێنەر(تاتر) وشانۆنووس (ئالمان) |
| نادری فەتحی | چالاکی سیاسی - فەرهەنگی (ئالمان) |
| کەمالی عیزەتی | چالاکی سیاسی ، فەرهەنگی ( نروێژ ) |
| رەحیمی پەروا ( ئاویەر) | چالاکی سیاسی (ئاڵمان) |
| فایەق کۆماسی | چالاکی سیاسی (سوئێد) |
| عەبدلواحیدی خەندرەش | چالاکی سیاسی - فەرهەنگ ( نیوزلاند) |
| خەلیل غەزەلی | چالاکی سیاسی ، فەرهەنگی ( هولەند) |
| کوردستان سایت | www.kurdistansite.com ناوەندی خەبەر و راپۆرت و بۆچوون |
| سایتی رۆژهەڵات | www.rojhalat.de سیاسی - فرهنگی |
| سایتی دەنگی کورد | www.dengekurd.com پێگەی سیاسی – خەبەری |
| سایتی کاک هیوا | www.kak-hiwa.tk سایتی (کوردی-فارسی) سیاسی – خەبەری |
| سایتی کوردستان‌نیوزلە | www.kurdistanz.com سیاسی خەبەر |
| سایتی هەڵوێست | www.helwist.com سایتی چەپی سەربەخۆی کورد |

بۆ پێوەندی و پشتیوانی ئەو سایتانەی سەر یا : **hawdengi@yahoo.ca**